Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.5.12

# چەمکی دەوڵەت لە هزری سیاسی ئیبن تەیمییەدا

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Hawkar Smail Alee
hawkar.alee@su.edu.krd

**هاوکار سمایل عالی** / بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلیژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

RECEIVED :04 /12/2024
ACCEPTED :23/02/ 2025
PUBLISHED :15/10/ 2025

**وشە سەرەکییەکان:**
ئیبن تەیمییە،
دەوڵەت،
دین و سیاسەت،
هزری سیاسی ئیسلامی.

## پوختە

تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، دەوڵەت یەکێکە لەگرنگترین بابەتەکانی زانستە سیاسییەکان و جێی بایەخی بیرمەندان و زانایانی ئەم زانستەیە، کە زۆرجار شیکردنەوە و دیراسەکردنی دەوڵەت بەمانای خودی زانستەکە دێت، جگە لەوەی گرنگترین دامەزراوەی سیاسییە لە کۆمەڵگادا و بە چەند تایبەتمەندییەک دەناسرێتەوە بە بەراورد بە دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگا. ئەم گرنگییەی لە ڕوانگەی ئیسلامیشدا هەمان شتە وەک ڕێکخستن و پێویست بوونی دەسەڵاتێکی سیاسی لە کۆمەڵگادا، بۆیە جێی بایەخی بیرمەندان و زانایانی ئیسلامیشە بە تێکرا، بە جیاوازی قوتابخانە و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان، بوونی دەوڵەت و دەسەلات بەیەکێک لە واجبەکانی دین دادەنرێت و تەنانەت خودی دینەکە و جێبەجێکردنیشی پەیوەستە بە بوونی.

ئیبن تەیمییە وەک زۆرێک لە بیرمەندانی تر، گرنگی زۆری بەو بوارە داوە و لە نووسینەکانی ڕەنگی داوەتەوە، بەجۆرێکە وەک بەشێک لە دین سەیری کردووە و لەهەمان کاتیشدا بوونی دەسەلات لە ڕوانگەی ئیسلامی بەوە جیادەکرێتەوە کە خودی سیستم و بنەماکانیشی لە دین وەرگیراون (قورئان و سوونەت)، ئەوەش مانای ئەوە دەگەیێنێت کە سیاسەت بەشێکە لێی، لە مێژووی حوکمرانی ئیسلامیدا تا ساڵی 1924 وەک دوانەیەکی لێکدانەبڕاو سەیر کراون، لە یەک کاتدا لە ئاراستە کردنی ژیانی سیاسی (دونیا) و دینیدا (ئاخیرەت) ڕەنگی داوەتەوە و سەلمێنراوە.

ئیبن تەیمییە باس لە زەرورەتی بوونی دەوڵەت دەکات لە ڕوی عەقڵ و شەرعەوە، بەوەی کە دەبێ لە بچوکترین کۆبوونەوەی مرۆیی ڕەنگ بداتەوە، تا دەگات بەوەی کە لە دامەزراوە و ڕێکخستنی دەوڵەتیش دەگاتە بەرزترین ئاست و پلە و هەموو بەشە جیاوازەکانی دەسەلات دەگرێتەوە.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

### ١- پێشەکی:

جیاوازی ئایینی ئیسلام و ئایینەکانی تر، لە ڕوانگە و تێگەیشتنیان بۆ سیاسەت، دەوڵەت و حکومڕانی لە چوارچێوەی گرێدان و جیاکاری لە نێوان دین و سیاسەتدا دەردەکەوێت و ڕوون دەبێتەوە، بەوپێیەی لە ئیسلامدا سیاسەت بەشێکی دانەبڕاو و تەواوکەری دینەکەیە، هەبوونی دەسەڵاتێکیش واتە پارێزگاری کردن لە دین و جێبەجێکردنیشی، کە خۆی دەبینێتەوە لە چەسپاندنی شەریعەتی ئیسلامی، لەگەڵ بەڕێوەبردنی کاروبارە دونیاییەکانیان لەژێر سێبەری دیندا. تێگەیشتنی ڕۆژئاوا بۆ دەوڵەت، گۆڕانکاری زۆری بەخۆیەوە بینیوە، ئەویش لە ڕۆڵ و پێگەی دین تێیدا، سەردەمانێک هەبوونی دوو دەزگا لەناو دەوڵەتدا، دینی و سیاسی، دواتر دەوڵەتێکی دینی، لە کۆتایشدا جیاکردنەوەیان لە یەکتر و پەراوێز خستنی دین لە سیاسەت و بەتایبەتیش لە دەوڵەتدا، سەرەنجامیش هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی لە ژیان بە گشتی، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ئیسلامدا، یەک بۆچوون و تێڕوانین هەیە سەبارەت بە دین و دەوڵەت لە سەرەتای هاتنی ئیسلامەوە تا ئێستا، ئەویش پێکەوە گرێدانیان، بەڵکو تەواوکەری یەکترن. زۆرینەی بیرمەندانی ئیسلامی بە هەموو فیرقە و مەزهەبە جیاوازەکانیانەوە دووپاتی ئەوە دەکەنەوە، لە ڕووی واقیعیش ئەمە سەلمێنراوە، هەر لە دامەزراندنی یەکەم دەوڵەت لەسەر بنەماکانی ئیسلام لە مەدینە و هەبوونی دەستورێک تا ڕووخانی دەوڵەتی ( خیلافەتی) عوسمانی، ئەگەرچی دوای ئەوە هەندێک بیروبۆچوون پەیدابوون پێچەوانەی ئەوە بوون. لەم ڕوانگەیەوە، ئیبن تەیمییە یەکێکە لەو بیرمەندانەی ڕۆڵ و پێگە و بەشداری گرنگی هەیە لە هزری سیاسی ئیسلامیدا، بوونی خیلافەت و ئیمامەت، حکومڕانی و هەبوونی فەرمانڕەوا بە واجب دەزانێت، بەڵکو بە گرنگترین واجباتی دینی دەزانێت، چونکە بەبێ ئەوە خودی دینەکەش جێبەجێناکرێت.

### ١-١ گرنگی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە خودی چەمکی دەوڵەت و حکومڕانی لە ئیسلامدا بابەتێگی گرنگ و پڕ بایەخە لای بیرمەندانی سیاسی ئیسلامی، کە زۆرینەیان بیروڕا و ڕوانگەی دیاریکراویان هەیە دەربارەی ئەم چەمکە، بە هەموو قوتابخانە و مەزهەبە جیاوازەکانیشەوە، بە تایبەت بۆ ئیبن تەیمییە کە تەنیا پرسێکی سیاسی نییە بەڵکو ئەرک و بنەمایەکی سەرەکی دینەکەشە، کە لە سەردەمی ئەودا جیهانی ئیسلامی توشی زۆرێک لە کێشە و قەیرانی سیاسی ببوویەوە، بە دیاریکراوی جەنگ و هێرشی مەغۆل و خاچپەرستان، ڕوانگە و بیروڕا سیاسییەکانی لە هەمبەر ئەو پرسانە دەربڕیوە و لەسەردەمی ئەمڕۆشدا ئاماژە بە هەندێک لە بیروراکانی دەکرێت. ئیبن تەیمییە بوونی دەوڵەت بە گەورەترین واجباتی دین و جێبەجێکردنی دەزانێ و ڕوانگە و تێڕوانینی جیاوازە سەبارەت بە چەمکی دەوڵەت و ئەرکەکانیشی، کە خۆی لە سەروەربوونی خودی دینەکە و بەدیهێنانی دادپەروەری و چەند ئامانجێکی تردا دەبینێتەوە.

### ٢-١ ئامانجی توێژینەوە:

ئامانج لەم توێژینەوەیەدا، ڕوونکردنەوە و ناساندنی چەمکی دەوڵەت و حکومڕانییە لە هزری سیاسی ئیبن تەیمییەدا، بیرمەندێکی دیاری نێو هزر و تیۆری سیاسی ئیسلامییە، تا ئەمڕۆش و بیروڕا و بۆچوونەکانی دەنگدانەوە و کاریگەرییان هەیە، ئەم توێژینەوەیە لەچوارجێوەی هزری سیاسی ئیسلامیدا، جگە لە تیشک خستنە سەر تێڕوانین و بیروڕا سیاسییەکانی ئیبن تەیمییە، هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوەی دیدگای ئیبن تەیمییە بۆ خیلافەت و ئیمامەت، بەدیاریکراویش دەوڵەت، لەگەڵ ئەو تایبەتمەندییانەشی کە هەیەتی جیاواز لەگەڵ زانا و بیرمەندانی دیکەی ئیسلامی.

### ٣-١ میتۆدی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی مێژوویی، بەو پێیەی ڕیشەی مێژوویی ئەم چەمکە ڕووندەکرێتەوە، ئەو بەرەوپێشچوون و قۆناغە مێژووییەی بە خۆیەوە بینیوە ئاماژەیان پێدەکرێ، پەیڕەو دەکرێ. دواتریش، میتۆدی وەسفی، کە هەوڵدراوە بە ناساندن و باسکردنی ئەم زاراوەیە و چۆنیەتی سەرهەڵدان و گەشەکردنی، لەگەڵ شیکردنەوەی چەمکی دەوڵەت، بەمەش لەچوارچێوەی توێژینەوەی چۆنایەتییە لە کۆکردنەوەی زانیارییەکان.

### ٤-١ کێشەی توێژینەوە:

دەوڵەت لە هزری سیاسی ئیسلامیدا مانایەکی جیاوازی هەیە وەک ئەوەی لە هزری سیاسی ڕۆژئاوا و زانستی سیاسیدا بەشێوەیەکی گشتی هەیە، بەتایبەت لە هزری سیاسی ئیسلامی کلاسیک، بەمەش زۆرجار مانایەکی فراوانرتی هەیە، یاخود هاوشێوەیە لەگەڵ چەمکی تر، وەکوو ئیمامەت، خیلافەت و دەسەڵات، لەمیانەی ئەمانەوە ئەم

توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ئەو جیاوازییە و هەوڵێکیشە بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارانە: ئایا بەشداری و بیروڕاکانی ئیبن تەیمییە چین لە هزری سیاسی ئیسلامی و سیاسەتی شەرعیدا؟ ڕوانگەی ئیبن تەیمییە چییە بۆ خیلافەت و ئیمامەت، بەدیاریکراویش دەوڵەت، چ تایبەتمەندییەکیشی هەیە بە بەراورد لەگەڵ زانا و بیرمەندانی دیکەی ئیسلامی؟

### ١-٥ پەیکەری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە، جگە لە پێشەکی و دەرئەنجامەکان، دابەش کراوە بۆ سەر سێ باس، باسی یەکەم تایبەت کراوە بە ڕوونکردنەوەی چەمکی دەوڵەت لە هزری سیاسی ئیسلامیدا، کە سەرەتای پەیدابوون و بەکارهێنانی ئەم چەمکە باسکراوە، چەند پێناسە و ناساندنێک ئاماژەیان بۆ کراوە. لە باسی دووەمدا تیشک خراوەتە سەر بیروڕا و هزرە سیاسییەکانی ئیبن تەیمییە، پێگە و بەشداری لە بواری سیاسیدا، بە تایبەت لە میانەی چەند کتێبێکیدا. لە باسی کۆتایشدا، چەمکی دەوڵەت لە ڕوانگەی ئیبن تەیمییەدا خراوەتە ڕوو، بە ڕونکردنەوەی درووستبوونی دەوڵەت، پێویست بوون و زەرورەت و خستنە ڕووی بەڵگەکانی واجب بوونی. دواتریش باسی ویلایە دەکەین، بەوپێیەی ئیبن تەیمیە بەشێوەیەکی گشتگیر ئەم چەمکەی بەکارهێناوە.

## ٢- دەوڵەت لە هزری سیاسی ئیسلامیدا:

لەم باسەدا، تیشک خراوەتە سەر سەرەتای سەرهەڵدان و گەشەسەندنی دەوڵەتی ئیسلامی، ئەویش دوای پەیدابوون و سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام دەرکەوت و بنچینە و بنەماکانی داڕێژرا، بە تایبەت لەگەڵ کۆچی موسڵمانان بۆ شاری مەدینە، لەم باسەدا ئەوە دەخەینە ڕوو کە دەوڵەتی ئیسلامی چییە و تایبەتمەندییەکانی چین؟ چونکە پەیوەندی نێوان دین و دەوڵەت لە ئیسلامدا، پەیوەندییەکی تۆکمە و گرێدراوە، چەند بنەما و ڕێسایەکی گشتگیر دیاریکراوە و هێڵە گشتییەکان کێشراون، بەڵام زۆرجار نەچۆتە وردەکاری، بە مەبەستی هێشتنەوەی بوار بۆ ئیجتیهاد و ڕاوبۆچوون بۆ ئەو پرسە نوێیانەی دەردەکەون و دێنە پێشەوە لە کۆمەڵگادا.

تێگەیشتن و تێڕوانینی یاسایی بۆ دەوڵەت، بەو مانایەی کە بریتییە لە کۆمەڵێک لە خەڵکی بەشێوەیەکی بەردەوام لە شوێنێکی دیاریکراوی جوگرافیدا دەژین، ملکەچن بۆ دەسەڵاتێکی سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان، تەنیا لە سەردەمی نوێدا ناسێنرا (الملاح، 2009، ص46).

دەوڵەت وەکو چەمکێکی سیاسی، زیاتر بە مانایەک هاتووە، هەندێ جار بە مانای دەزگای فەرمانڕەوایی (الحاكم) دێت، واتە هێزی جێبەجێکردن، یاخود بە مانای دام و دەزگاکانی حکومڕانی دێ، واتە دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری، ئەمەش فراوانترە لە مانای یەکەم، یان بەمانای ئوممەتێک دێت کە خاوەن کیانێکی سیاسی بێت، بۆ نموونە دەوترێت دەوڵەتی ئیسلامی، ئەمەشیان فراوانترە لە هەردوو ماناکانی پێشووتر (حسين، 2011، ص151).

چەمک و مانای دەوڵەت لە یۆنانی کۆندا تەنیا کوورت کرابووەوە لە چوارچێوەی دەوڵەت-شار، فەیلەسوفانی یۆنانی لە نموونەی ئەفلاتون و ئەرستۆ، جیاوازییان نەکردووە لەنێوان دەوڵەت لەلایەک و کومەڵگە لەلایەکی ترەوە، بەڵکو دەوڵەت و کۆمەڵگە یەک مانای هەبووە. لەگەڵ سەرهەڵدانی مەسیحییەت، ئەم ووتەیە ئەوەی هی قەیسەرە بیدەن بە قەیسەر و ئەوەشی هی خودایە بیدەن بە خودا، سەرەتای دەرکەوتنی جیابوونەوە و لێکترازان بوو لە نێوان دین و دەوڵەت ، دواتریش سەرهەڵدانی ململانێ لەنیوانیان لەسەر ئەوەی کامیان خاوەنی دەسەڵاتی سیاسین، زۆرێکیش لە بیرمەندانی هزری سیاسی لایەنگری پاشا بوون و ڕایانگەیاند و دانیاننا بەوەی کە خاوەنی سەروەرییە، ئەوەش بە مەبەستی یەکگرتوویی دەوڵەت و کۆتایی هێنان بە باڵادەستی پیاوانی کەنیسە، چەمکی دەوڵەتیش وەکو کەسایەتییەکی یاسایی جیانەکرایەوە لە چەمکی کۆمەڵگە تەنیا دوای شۆڕشی فەرەنسی نەبێت (الملاح، 2009، ص46-47). لەگەڵ ئەمانەشدا، ئەگەر چەمکی دەوڵەت لەسەردەمی ئێستادا وەربگرین، ئەندرۆ هیوود بەم شێوەیە پێناسەی دەکات کە بریتییە لە دامەزراوەیەکی سیاسی کە دەسەڵاتێکی خاوەن سەروەری دادەمەزرێنێ (گوزارشتە لە هێزی باڵا) لەچوارچێوەی سنورێکی دیاریکراو و پیادەی دەسەڵاتیش دەکات لەڕێگای دام و دەزگای هەمیشەییەوە (Heywood, 2011, p. 39). ئەمە کورتەیەک دەربارەی چەمکی دەوڵەت و بەرەوپێشچوونی لە هزری سیاسی ڕۆژئاوادا.

بەڵام سەبارەت بە هزری سیاسی ئیسلامی، تێڕوانینەکە تەواو جیاوازە، پێش هاتنی ئایینی ئیسلام و دامەزراندنی یەکەم دەوڵەت لەسەر بنەمای دینەکە لە مەدینەدا، گۆمەڵگەی عەرەبی لەو سەردەمەدا ئاشنا نەبوون بە هیچ یەکێک لەم چەمکانە، بەڵکو وەک احمد أمين (أمين، 2013، ص208–209) لە کتێبی (فجر الإسلام) دا دەڵێ: یەکەی سیاسی لە کۆمەڵگەی عەرەبی، بریتی بوو لە خێڵ و هۆز، کۆمەڵێکی زۆری خێڵ لە ململانێیەکی بەردەوامدا دەژیان، ئەویش بەهۆی نەبوونی دەسەڵاتێکی ناوەندی (دەسەڵاتێکی یەکگرتوو و خاوەن سەروەری) کە ببێتە هۆی یەکگرتن و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، پەیوەندی نێوانیان خوێن بوو، هەر یەکێکیش سەرۆکێکی هەبوو و خاوەن سەروەری خۆی بوو بەسەر تاکەکانی ئەو هۆزە، جگە لەوەی هەر یەکێکیشیان خاوەن عورف و دابونەریتی خۆی بوو.

بەڵام ئیبن خەلدون دەڵێ: عەرەب جیاوازی کردووە لەنێوان پاشایەتی (الملک) و دەوڵەت، بەوەی پاشایەتی بەمانای دەسەڵات و سوڵتان دێت، بەڵام دەوڵەت شێوەیەکە لە شێوەکانی دەسەڵات، بۆیە دەوڵەت ئەگەری گۆڕانکاری هەیە لەبار و حالەتێکەوە بۆ حالەتێکی تر و بەمەش دەوڵەت و دەسەڵات پەیوەندییەکی گشتی و تایبەتییان هەیە و دەسەڵات گشتگیرترە (زکريا، 2013، ص83).

دەوڵەت پێگەیەکی گرنگی لە هزری سیاسی ئیسلامیدا هەیە، کە زۆرینەی بیرمەندان و زانایانیان باوەڕیان وایە ئیسلام بریتییە لە دین و سیاسەت، چەمکی دەوڵەتی ئیسلامی بەرانبەر بە دەوڵەتی دانراو (الدولة الوضعية) بەکاردەهێنن و بەم شێوەیە پێناسەی دەکەن: "ئەو دەوڵەتەیە کە تێیدا ئایینی ئیسلام وەکو ڕێباز و هەڵسوکەوت پەیرەو دەکرێ لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، کولتوری و هەموو کاروبارەکانی تری پەیوەست بە دەوڵەت" (حسين، بلا تاريخ، ص149) .

لەگەڵ سەرهەڵدانی ئیسلام کاری کرد بۆ درووستکردن و دامەزراندنی پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵگە لەسەر بنەمای تەقوا و ملکەچ بوونی ڕەها بۆ فەرمانی خودا، ئوممەتی ئیسلامیش بوو بە بەدیلی خێڵ و شوێنی گرتەوە، شەریعەتی ئیسلامیش بوو بە بەدیلی عورفی خێڵ، ئیسلام توانی لە چوارچێوەی ئوممەتدا خێڵە جیاوازەکان کۆبکاتەوە، بۆیە هەریەک لە دەسەڵاتی سیاسی، دادوەری و دینی لە دەستی پێغەمبەردا بوون و کۆبوونەوە، بۆ یەکەم جار توانی لە نیمچە دوورگەی عەرەبی دەوڵەتێکی یەکگرتوو دابمەزرێنێ، کە پێشتر هەرگیز بەخۆیەوە نەیبینیبوو. لەو ماوەیەشدا جیاوازی نەکرا لەنێوان چەمکی دەوڵەت و چەمکی ئوممەت، بەڵکو چەمکی ئوممەت لەیەک کاتدا دەوڵەت و کۆمەڵگای گرتۆتەوە (الملاح، 2009، ل48–49).

ئەگەر تێگەیشتن و تێڕوانینی نوێ بۆ چەمکی دەوڵەت وەربگرین کە هەرسێ ڕەگەزی گەل، هەرێم و دەسەڵاتی سیاسی دەگرێتەوە، جێبەجێی بکەین بەسەر دەوڵەتی ئیسلامی، دەبینین هەرسێ ڕەگەزەکە بوونیان هەبوو لە مەدینە دوای کۆچی موسڵمانان، بەپێچەوانەوە لە مەککە بوونیان نەبوو، بۆیە ئەمە خاڵی سەرەتا و هەنگاوی یەکەم بوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی. بۆیە دەبینین گەل لە دەوڵەتی ئیسلامیدا هەموو دانیشتووانی مەدینەی دەگرتەوە، هەرێمیش ئەو زەویەی موسڵمانانی لەسەر دەژیا لە مەدینە و دەوروبەریدا، شەریعەتی ئیسلامیش دەسەڵاتی باڵا بوو، پێغەمبەر ئەحکامەکانی جێبەجێدەکرد و دەقەکانیشی ڕوون دەکردەوە (النبهان، 1987، ص154–155).

ئیسلام وەک کەسایەتییەکی سەربەخۆ سەیری بیرۆکەی دەوڵەت دەکات کە جیاوازە لە کەسایەتی فەرمانڕەواکان، ئەوانەی کە دەسەڵاتیان پێ سپێردراوە و پیادەی دەکەن بە نوێنەرایەتی ئوممەت لە ماوەی فەرمانڕەوایەتیاندا، لە ئیسلامدا، دەوڵەت لە شەریعەتی ئیسلامی سەرچاوەی گرتووە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ قورئان، سوننەت و ئەو بەڵگانەی کە لەوانەوە وەرگیراون بەپێی یاسا و ڕێسای تایبەت بەوە. بۆیە ئەو دەسەڵاتەی کە لە دەوڵەتدا هەیە، ئەگەر دەسەڵاتێک بوو لەسەر بنەمای پابەند بوون بە عەقیدە و ئەحکامی شەریعەتی ئیسلامی بوو، ئەوا دەوڵەتێکی ئیسلامییە. بۆیە دەکرێ بەم شێوەیە پێناسەی دەوڵەتی ئیسلامی بکرێ کە بریتییە لە کۆمەڵێک لە خەڵکی، لە هەرێمێکی دیاریکراودا دەژین و تێیدا شەریعەتی ئیسلامی فەرمانڕەوایە و جێبەجێدەکرێ (صبح، 2011، ص63) لە پێناسەیەکی تریشدا، دەوڵەتی ئیسلامی بریتییە لە کۆمەڵێک لە موسڵمانان و ئەهلی زیممە (أهل الذمة)، لە شوێنێکی دیاریکراودا نیشتەجێن کە ملکەچن بۆ دەسەڵاتی ئیسلامی و بەڕێوەبردنی کاروبارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانیشی بەپێی شەریعەتی ئیسلامییە (الفريان، 2000، ص56) .

ماوەردی وای دەبینێ کە دەوڵەت بریتییە لە هەستانی فەرمانڕەوا بە ئاڕاستە کردن و ڕێکخستنی کۆمەڵگا و جێبەجێکردنی دین، ئەمەش یەکێکە لە گرنگترین پێویستییەکانی بواری کۆمەڵایەتی و ژیان بەگشتی (الأسدي، بلا

تاریخ، ص297).

لەگەڵ ئەمانەشدا لە بوونی دەوڵەتێکی ئیسلامی چەند مەبەستێک هەیە، لەوانە: مەبەستێکی خودی ئیسلامەکەیە، واتە دامەزراندن و دانان بە سەروەری بۆ خودا (حاكمية لله)، مەبەستێکی تر بریتییە لە بوونی هێزێکی سیاسی، واتە بوونی دەسەڵاتێک کە دادپەروەری کۆمەڵایەتی بێنێتەدی، ئازادی مرۆڤەکان بپارێزێ و بەرگری لە بوون و وجودی دەوڵەتەکە بکات، دواتریش حیسبە (الحسبة) مەبەستێکی تری شەریعەتەکەیە، کە بریتییە لە فەرمان کردن بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە، ڕێگری کردن لە خراپەش نایەتە دی تەنیا کاتێک نەبێ کە هێز و دەسەڵاتێکی سیاسی بوونی هەبێ (عیسی، 2013، ص59-60) .

لە گشتگیرترین مانا و سادەترینی دەکرێ ئەوە بڵێین کە دەوڵەتی ئیسلامی، ئەو دەوڵەتەیە مەرج و تایبەتمەندی خۆی هەیە، تێیدا شەریعەتی ئیسلامی جێبەجێدەکرێ، سەروەری بۆ شەریعەتە و پیادەکردنی دەسەڵاتیش بۆ گەلە (ئوممەت)، خودی دەوڵەتیش ئامرازە بۆ چەسپاندنی ئەحکامی دین و بەڕێوەبردنی کاروباری دونیایی لەسەر بنەمای ئەوە.

### ٣- بیروڕا و هزرە سیاسییەکانی ئیبن تەیمییە:

لێرەدا بە گرنگی دەزانین باس لە واقیع و بارودۆخی سیاسی ئەو سەردەمە بکەین کە ئیبن تەیمییە* (1262-1327) تێیدا ژیاوە، بەهۆی ئەوەی هەڵبەز و دابەزی زۆری بەخۆیەوە بینیوە لەڕووی سیاسییەوە، خیلافەت و جیهانی ئیسلامی لەو سەردەمەدا توشی لاوازی ببوو، کێشە و گیروگرفتی زۆر بەرۆکی گرتبوو، زانین و ناسینی واقیعی سەردەمێکی دیاریکراویش بایەخ و گرنگی خۆی هەیە، چونکە بەرهەم و تێڕوانین و دونیابینی بیرمەندانیش ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعەیە کە تێیدا ژیاون، لە سۆنگەی ئەوەشەوە هەوڵدەدەن بۆ واقیعێکی باشتر و لەپێناوی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی هەن لە کۆمەڵگادا.

ئیبن تەیمییە لەسەردەمی مەمالیکەکان لەدایک بووە، لە دوای لاوازی دەوڵەتی ئەیوبی دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست، ئەوەش یەک ساڵ دوای ڕووخانی بەغداد (1258) وەک پایتەختی خیلافەتی عەباسی لەسەر دەستی تەتەر و مەغۆلەکان. لە سەردەمی ئیبن تەیمییەدا دوو جۆر لە فەرمانڕەوا حکومڕانێتیان کردووە و دەسەڵاتدار بوون، یەکەمیان بە کرداری دەسەڵاتیان هەبووە، ئەوانە بریتیبوون لە سوڵتانەکان (سلاطين)، گروپی دووەمیان دەسەڵاتێکی ڕەمزی دینییان هەبوو کە بریتی بوون لە خەلیفە. لە ژیانی ئیبن تەیمییەدا نۆ لە سوڵتانەکان حکومڕانێتیان کردووە، دوو لەوانە کوژراون، چواریان لادراون یا زیندانی کراون یاخود هەڵاتوون، سێشیان مردوون، ئەوەش مانای هەبوونی کێشە و ململانێیەکی زۆر دەگەیێنێ لەسەر دەسەڵات لەسەر ئاستی ناوخۆدا، ئەگەرچی زۆرجار لەسەردەمی مەمالیکەکان موسڵمانان سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە بەرانبەر هێرشە دەرەکییەکان و بەرپەرچدانەوەیان، بەڵام لەسەر ئاستی دەرەکیشدا، جیهانی ئیسلامی لەو کاتەدا ڕووبەڕووی هێرشی توندی مەغۆل و تەتەر و خاچپەرستان بۆتەوە، کە بۆ ماوەی سێ ساڵ موسڵمانان بێ خەلیفە بوون لەدوای ڕوخان و کەوتنی بەغداد (عبدالحمید، بلا تاریخ، ص35-40) و (فرج، 2007، ل53-65).

جگە لە نووسین و بەشداری لە هزری سیاسی، ئیبن تەیمییە بە کرداری هەڵوێستی هەبووە، بۆ نموونە ڕۆڵی هەبووە لە شەڕی تەتارەکان و بەرپەرچدانەوەیان لەڕووی دینی، هزری و جەستەییەوە، بەکۆکردنەوەی خەڵک بۆ شەڕیان و هۆشیارکردنەوەیان لەڕووی بلاوکردنەوەی هۆشیاری دینی و دەستگرتن بە بیروباوەڕی ئیسلامییەوە، جگە لە پارێزگاریکردن لە دینەکە و لادانی گومانەکان لەسەری، بەمەش لەسەر هەڵوێستەکانی چەندین جار زیندنی کراوە و نەفی کراوە (الرواشدة, 2011).

ئیبن تەیمییە لە سێ کتێبی سەرەکیدا بە تایبەت باس لە بابەتەکانی سیاسەت، دەوڵەت، حکومڕانێتی، ئیمامەت و ویلایەت دەکات، ئەوانیش: ١- السياسة الشرعية في إصلاح الراعي والرعية، ٢- الحسبة فى الإسلام و ٣-المنهاج السنة النبوية، لە خوارەوە بیروڕا و هزرە سیاسییەکانی لە چوارچێوەی ئەو کتێبانەدا دەخەینە ڕوو، لەگەڵ گرنگترین بابەتە سەرەکییەکانی ئەم کتێبانە.

لە یەکەمیاندا، ئیبن تەیمییە گاریگەرە بە بیرۆکەی جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی، بەڕادەیەکە ناویشی ناوە سیاسەتی شەرعی، کە مەبەستیشی بەڕێوەبردنی کاروباری حوکمڕانی و کارگێڕییە لەسەر بنەمای شەریعەتی

ئیسلامی، سیاسەت دەبەستێتەوە بە شەریعەتی ئیسلامی، ئامانجیش لێی ئەنجامدانی چاکسازییە لە دەوڵەت و ئوممەتدا بەیەکەوە. ئەم کتێبەشی چەند چەمکێک و تێگەیشتنێک ناگرێتەوە لەڕووی تیۆرییەوە بە تەنها، بەڵکو لەڕووی کرداری و واقیعی باسی لێوە کردووە، جگە لەوانە ئەو بیرۆکە و بنەمایانەی لەو کتێبەدا باسی کردووە، لەسەر بنەمای بەڵگەکانی قورئان و سوننەت دامەزراوە، بۆیە ئەم کتێبە لە هزری سیاسیدا ئیسلامیدا گرنگیەکی تایبەتی هەیە، لەسەر ئەو بیرۆکەیە دامەزراوە کە سیاسەتی شەرعی بنەما و بنچینەیە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت، لەسەر ڕێبازی قورئان و سوننەت (الرماني، 2004، ص84-85).

بابەتەکانی ئەم کتێبە بریتین لە: ویلایەت و پێدانی بەرپرسیارێتی بە کەسی شیاو و سەیرکردنی وەک ئەمانەت، پێویست بوون و زەرورەتی کۆبوونەوەی مرۆیی بە بەڵگەی عەقڵی و شەرعی و دامەزراندن و بەرپاکردنی ئیمارەت و خیلافەت، ویلایە و مەرجەکانی و مەبەستەکانی، پێدانی بەکەسێک کە داوای ناکات بەڵکو کە شایەنیەتی، پایەکانی ویلایە کە لە هێز و ئەمانەت پێکدێت، موڵک وماڵ و دارایی دەوڵەت و دابەشکردنی، سنووری خودا و مافەکانی خەڵک، جێبەجێکردنی حەددەکان (حد)، بۆ نموونە حەددی دزیکردن و کوشتن، جیهاد و پرس و ڕاوێژ (شوری) ... هتد (تیمیة، 2009).

لە کتێبی (الحسبة) دا باس لە دەسەڵات و وەلی ئەمر دەکات لە بواری ژیانی ئابووری، بە مەبەستی دامەزراندنی دادپەروەری، کە مەبەست و ئامانجی پێغەمبەرانە (المبارک، 1961، ص9)، لەم کتێبەدا جەخت لەسەر جێبەجێکردنی بنەمای فەرمان بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە دەکاتەوە، حیسبە زیاتر وەکو ئەرکێکی ئیداری دەردەکەوێ و لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە جێبەجێدەکرێ، سیستمی حیسبە لە ئیسلامدا وەکو سیستمێکی چاودێری وێنا دەکرێ، ئەویش لە ڕێگای فەرمان کردن بە چاکە ئەگەر وازی لێهێنرابوو، ڕێگری کردن لە خراپە ئەگەر بڵاوببوویەوە لە کۆمەڵگادا، بەمەش چوارچێوە و سنووری ئەرکەکانیشی فراوانن، لە نمونەی ئەرکەکانی ئەم دەزگایە، نەهێشتنی قۆرخکاری، دابین کردنی پێداویستییەکان و دیاریکردنی نرخ و ... هتد (الرماني، 2004، ص89-90) و (تیمیة، بلا تاریخ، کتاب الحسبة).

ئەم کتێبەش چەند بابەتێک لەخۆ دەگرێت، وەک: فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە، بەرپرسیارێتی ئەو کەسەی بەو کارە هەڵدەستێ و پێی سپێرداوە، سزا شەرعییەکان و جۆرەکانی، پاداشت و سزاکان ... (تیمیة، بلا تاریخ).

لە کتێبی سێیەمدا، کە لە بنەڕەتدا وەڵامی کتێبەکەی (إبن المطهر الحلي) یە بە ناوی (منهاج الكرامة في معرفة الإمامة)، باس لە هۆکاری نووسینی کتێبەکە دەکات، وەڵامدانەوەی بیروباوەڕی شیعە سەبارەت بە ئیمامەت، چۆنیەتی دامەزراندن و دانانی ئیمام بەپێی بیروڕای ئەهلی سوننە، دیاریکردنی ئیمام بەپێی بنەمای بەیعە، ڕوونکردنەوەی مەعسوم بوونی ئیمام لە ڕوانگەی شیعە و گوێڕایەلی کردنی، هەڵوەشاندنەوەی بیروباوەڕی شیعە سەبارەت بەوە، جگە لە وەڵامدانەوەی بیرۆکەی شیعە لەبارەی ئەوەی ئیمام و باوەڕبوون پێی، کە وەک بەشێک لە ڕوکنەکانی ئیمان سەیردەکرێ، شێوازی هەڵبژاردنی ئیمام لە نێوان بەیعە و دەقدا باسی لێوە کراوە، وەڵامدانەوە و ڕەتکردنەوەی بۆچوونی شیعە سەبارەت بە ئیمامەتی سێ خەلیفەی یەکەمی راشیدین و ئیمامەتی عەلی کوڕی ئەبو تالب و وەڵامدانەوەی (المبارک، 1961، ص9) و (الرماني، 2004، ص90-91)، بەگشتی بابەتەکانی ئەم کتێبە دەرخەری دیارترین و سەرەکیترین جیاوازیین لەنێوان هەردوو مەزهەبی سوننە و شیعە دەربارەی ئیمامەت.

بیروڕاکانی لە کاروباری حکومڕانی و گارگێریدا لەسەر بنەمای لێکگرێدانی دین و دونیا (بەڕێوەبردنی کاروباری دونیا – سیاسەت) دامەزراوە، لەگەڵ لێکگرێدان و بوونی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی دەوڵەت و شەریعەت، دوپاتکردنەوەی ئەوەی کە شەریعەت سەرچاوەی باڵا و سەرەکی دەسەڵاتە، بەڵکو ئەمانە تەنیا ئامرازن بۆ مەبەست و ئامانجێکی باڵاتر، ئەویش جێبەجێکردنی شەریعەتە بە مەبەستی فەراهەم کردن و هێنانەدی چەند ئامانجێک بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی.

### ٤- دەوڵەت لە ڕوانگەی ئیبن تەیمییەدا:

لەم باسەدا هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر چۆنیەتی درووست بوونی دەوڵەت و ئەو هۆکارانەی کاریگەر و بەشدارن بۆ ئەم مەبەستە، لەم ڕووەوە ئیبن تەیمییە چەند بەڵگە و پاساوێک دێنێتەوە بۆ پێویست بوون و واجب

بوونی نەک تەنیا لە ڕووی شەرعەوە، بەڵکو لەڕووی عەقڵ و دابینکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ، جگە لە ڕوونکردنەوەی دیدگا و تێڕوانینی ئیبن تەیمییە بۆ دەوڵەت و ئەو ئەرکانەشی کە بۆی دیاریکردووە.

**٤-١- درووستبوونی دەوڵەت و پێویستبوونی:**

ئیبن تەیمیە وەک زۆرینەی بیرمەندانی دیکە، باس لە سەرەتا و چۆنیەتی درووست بوونی دەوڵەت و زەرورەت و پێویست بوونی دەکات لە ڕوانگەی عەقڵ و شەرعەوە، بەشێوەیەک سەیری دەکات کە بە گەورەترین واجباتی دینی دەزانێ، لە کۆبوونەوەی مرۆیی دەست پێدەکات تا بوونی فەرمانڕەوا و هێنانەدی ئەو مەبەست و ئامانجانەی بۆی دامەزراوە و هاتۆتە کایەوە.

ئیبن تەیمییە پێی وایە مرۆڤەکان بە سروشت مەدەنین، بەوەی ویستیان هەیە بۆ کۆبوونەوە و هاریکاری و ئاڵوگۆرکردنی سوود لەگەڵ تاکی دیکە لە پێناوی دوورخستنەوەی زیانەکان، بەبێ بوونی ئەوەش بەرژەوەندی مرۆڤەکان بەدینایەت لە ژیانی دونیا و ئاخیرەتدا (مجاهد، 1994، ص255)، دەبێ کەسێک هەبێ کە فەرمان بکات بە چاکە و ڕێگری بکات لە خراپە، ئەوەش سەرۆکێکە کاروبارەکانیان دەگرێتە ئەستۆ، بۆیە دامەزراندن و هەبوونی فەرمانڕەوایەکی باڵا دەبێتە کارێکی زەرووری و لە بەرژەوەندی مرۆڤەکانە (تیمیة، بلا تاريخ، ص9-11-25)، چونکە ئیبن تەیمییە پێی وایە ئەمە سروشتی دینەکەیە کە فەرمان دەکات و هەوڵدەدات بۆ ئەوەی سیستمێکی کۆمەڵایەتی ڕێکخراو هەبێ بۆ ئەوەی بە باشی ئەرکەکانی ئەنجام بدات (Khan, 2009, p. 30). بەهەمان شێوەی ئەوە، ئیبن خەلدونیش ڕای وایە کە کۆبوونەوە (ی مرۆیی) گرنگ و پێویستە بۆ ڕەگەزی مرۆڤایەتی، بەدوای ئەوەش زەرورەت و پێویستبوونی دەوڵەت دێتە کایەوە بەمەبەستی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی ئەندامانی ئەو کۆبوونەوە مرۆییە (هادي، 2000، ص92).

ئیبن تەیمیە ڕای وایە بوونی دەسەڵات واجبە لەسەر خەڵکی ئەویش لە ڕووی عەقڵ و شەرعەوە، پێی وایە گەورەترین واجباتی دینە و بەڵکو دین جێبەجێ ناکرێت بەهۆی ئەوەوە نەبێت. ئیبن تەیمیە (پێویست بوون بە دەسەڵات) و (زەرورەتی کۆبوونەوەی مرۆیی) بەیەکەوە دەبەستێتەوە کاتێک دەڵێت "نەوەی ئادەم بەرژەوەندییەکانیان بەدینایەت تەنیا بە کۆبوونەوە نەبێت، ئەویش لەبەر پێویستی هەندێکیان بە هەندێکی تریانەوە، هەر کۆبوونەوەیەکی مرۆیش دەبێت سەرۆکێک و گەورەیەکی هەبێت. ئیبن تەیمیە برواکەی بە هەبوون و واجب بوونی دەسەڵات پشت ئەستوور دەکات بەو فەرموودەیە ئەگەر هەرکاتێک سێ کەستان بۆ سەفەر چوون، ئەوا یەکێک بکەن بە گەورەی خۆتان (إذا خرجَ ثلاثةٌ في سفَرٍ فليؤمِّروا أحدَهُم) (صحيح داود، ر 2608)، بۆیە پێی وایە کە واجب بوونی یان زەرورەتی هەبوونی گەورەیەک بۆ کۆبوونەوەیەکی بچووکی لەو جۆرە، ئاماژەیە بۆ واجب بوونی دەسەڵات و ئیمام بۆ هەموو جۆرێک لە کۆبوونەوەکانی تر. ئیبن تەیمیە (ناوەڕۆک و مەبەستی شەریعەت) لەگەڵ (زەرورەت و واجب بوونی دەسەڵات) بەیەکەوە دەبەستێتەوە کاتێک ئاماژە بەوە دەکات کە خودا ئەمانەی واجب کردووە: فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە، تێکۆشان، عەدالەت و بەجێهێنانی، ئیقامەی حدود و ... هتد، ئەوانەش نایەنەدی تەنیا بەبێ هەبوونی هێز، دەسەڵات و دەوڵەتێک نەبێت (صادق، 1993، ص101). لەسەر بنەمای ئەوانەی سەرەوە لە کتێبی حیسبەدا دەڵێ: هەر لەبەر ئەوەشە ویلایە باشترینی کارە چاکەکانە (تيمية، بلا تاريخ، ص9). لێرەدا سروشتی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی لای ئیبن تەیمییە لەسەر چەند بنەمایەک وەستاوە، لەوانە: سەرچاوەی درووستبوونی دەسەڵاتەکە بۆ بنەمای بەیعە دەگەڕێتەوە، دادپەروەری بنەمای حکومڕانییە، گوێڕایەڵی کردنی، هەبوونی شورا و پیادەکردنی. تایبەتمەندییەکانی فەرمانڕەواش بریتییە لە هەبوونی توانا بەسەر فەرمانڕەواییتییەکەیدا، بوونی تەقوا و ئیمان، دادپەروەر بێت، پرس و ڕاوێژ کردن، هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرانبەر بە خودا (الرواشدة, 2011). سەبارەت بە دیاریکردنی سەرۆکێک (خەلیفە – ئیمام – وەلی ئەمر)، ئەوە مافی موسڵمانانە (میللەت - ئوممەت)، پەیوەستە بە ڕازیبوونی ئەوان، چونکە وەکیل و نوێنەری ئەوانە، بەڵام بە هەبوونی چەند مەرجێک; لەوانە: هەبوونی هێز و ئەمانەت تێیدا، جگە لە هەبوونی هێز، خیلافەت و دەسەڵات بە ئەمانەت دەبینێ، لەهەمان کاتدا پێی وایە هەر یەکێک کە توانا و هێزی بەسەر ئیمارەت و ویلایەتەکەیدا نەبێت، ئەوا ئیمام نییە. هەرچی پەیوەستە بە گوێڕایەڵی و لادانی ئیمام، ئیبن تەیمییە ڕای وایە کە پێویستە جۆرێک لە ئارامگرتن هەبێت سەبارەت بە ئیمامێکی ستەمکار، بە پاساوی ئەوەی فیتنە و ئاژاوە سەرهەڵنەدات، تا ئەو کاتەی کە توانایان دەبێت بۆ گۆڕینی ئەوا ئارامگرتن واجب دەبێت بۆیان و یەکێکە لە بنەماکانی ئەهلی سوننە(الداهري، 728 هـ ص198-217).

ئیبن تەیمییە پێی وایە کە هەبوونی فەرمانڕەوا و حوکمڕانێتی گەورەترین واجباتی دینە (تيمية، 2009، ص25) بۆ سەلماندنی زەرورەت و پێویست بوونیشی، چەند بەڵگە و پاساوێک دێنێتەوە، لەوانە:

**٤-١-١- دەق:**

ئیبن تەیمیە پێش هەموو شتێک بەبەڵگەی شەرعی دەیسەلمێنی کە هەبوونی فەرمانڕەوا و حکومڕانی واجبە، ئەویش بە بەڵگەی دەقی ئەو فەرموودەیە: ئەگەر هەرکاتێک سێ کەستان چوون بۆ سەفەر، ئەوا یەکێک بکەن بە گەورەی خۆتان (صحيح داود، ر 2608)، ئەگەر ئەمە بکەین بە پێوەر (قياس) بۆ کۆبوونەوەی جۆراوجۆری تر، بچووک یا گەورە، ئەوا سەبارەت بە کۆمەڵی گەورەی مرۆیی، بوونی ئیمارەت و فەرمانڕەوا واجب دەبێت (فرج، 2007، ص129).

**٤-١-٢- عەقڵ:**

ئیبن تەیمییە پێی وایە بە بەڵگەی عەقڵی، بوونی ئیمارەت و حکومڕانی واجبە، چونکە بەبێ ئەوە دین دانامەزرێ و جێبەجێ ناکرێ و کاروباری دونیاش بەڕێوە ناچێ (فرج، 2007، ص127). ئەمەش بە مانای ئەوەی ئەحکام و یاساکانی دین ناتوانرێ بێتەدی و بچەسپێنرێ بەبێ بوونی فەرمانڕەوا.

**٤-١-٣- هێز:**

ئیبن تەیمییە هێز وەکو بەڵگەیەک دەبینێ بۆ هاتنە کایە و دامەزراندنی دەوڵەت، کە بەهۆیەوە دین جێبەجێ دەکرێت و کاروباری دونیا بەڕێوەدەبرێت، بەمانایەکی تر، هێز گەرەنتییە بۆ پاراستن و پارێزگاریکردنی دەوڵەت بۆ هەستان بە ئەرک و کارەکانی. بۆیە بە تێڕوانینی ئەو، بەجێگەیاندن و هەستان بە فەرمان کردن بە چاکە و ڕیگری کردن لە خراپە، نوێژ، حەج، جیهاد، پاڵپشتی کردن و یارمەتیدانی ستەم لێکراو، بەرپاکردن فەراهەم کردنی دادپەروەری و کاروباری تر، نایەنە دی تەنها بەبێ بوونی هێزێک نەبێ (فرج، 2007، ص130).

**٤-١-٤- دابین کردن و بەدەستهێنانی پێداویستی:**

پێی وایە کە بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ نایەتە دی تەنها بە کۆبوونەوە نەبێ، ئەویش بەهۆی پێداویستی هەندێکیان بە هەندێکی تریانەوە، بۆیە پێویست بوون بە کۆبوونەوەی مرۆیی پەیوەست کردووە بە بەدەستهێنانی بەرژەوەندی دونیا و ئاخیرەتیان، ئەویش لە ڕێگای هاریکاری کردن و سەرخستن و پشتگیریکردنی یەکتر، بە مەبەستی لادانی زەرەر و زیانەکان (فرج، 2007، ص127-128).

**٤-١-٥- گوێڕایەڵی:**

ئیبن تەیمییە سەیری گوێڕایەڵی (گوێڕایەڵیکردنی خودا و پێغەمبەر) دەکات وەک بەڵگەیەکی تر بۆ بوونی فەرمانڕەوا و حکومڕانی، گوێڕایەڵیش نایەتە دی تەنها بە بوونی فەرمانڕەوا و حکومڕانی نەبێ، بە بەڵگەی ئەو ئایەتە: ( أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ) (قورئانی پیرۆز، 4:58)، بۆیە بوونی ئیمارەت و فەرمانڕەوا لای ئەو بەڵگەیە بۆ گوێڕایەلی خودا و پێغەمبەرەکەی (فرج، 2007، ص131-132). بەو مانایەی گوێڕایەڵی کاتێک دێتە دی کە فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتێکی ئیسلامی و شەرعی بوونی هەبێت و بنەمای دامەزراندن و کارەکانی ئەو دەسەڵاتە لەچوارچێوە و سنووری شەریعەتی ئیسلامی بێت.

## ٤-٢ چەمکی دەوڵەت و ئەرکەکانی

### ٤-٢-١- چەمکی دەوڵەت:

لێرەدا ئیبن تەیمییە چەمکی ویلایە - ویلایەت (الولاية) بەکاردەهێنێ کە گشتگیرترە لە خیلافەت و ئیمامەت (بریتین لە سەرۆکایەتی دەوڵەت)، ئەوانە و هەموو پلە و پایە و جۆرەکانی دیکە دەگرێتەوە، وەکو ویلایەی جەنگ، دادوەری، دارایی و حیسبە. ئیبن تەیمییە بەم شێوەیە ویلایە ڕوون دەکاتەوە کە تێرم و ووشەیەکی گشتیە و موسڵمانان بە هەموو دەسەڵاتێکی حوکمڕانی (سلطة الحكم) دەڵێن، هەموو پلە و پایەکانی حوکمڕانی دەگرێتەوە هەر لە خیلافەت و ئیمامەتەوە تا دەگاتە بچوکترین پلەی وەزیفی تێیدا (مجاهد، 1994، ص256). ئیبن تەیمییە چەمکی ویلایەی بەکارهێناوە بەمانای حکومڕانی (الحكم) و دەسەڵات دێت بە شێوەیەکی گشتی، وەکو خۆی دەڵێت: مەبەست لە ویلایەت بریتییە لە بەدەستهێنانی هێز و دەسەڵات، کە بەهۆیانەوە بەرژەوەندی و مەبەستەکانی ئیمامەت و خیلافەت دێتەدی (أحمد، 1417 هـ ص215) و (سميحة، 2017، ص75). بۆیە کە باس لە ناساندن و تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتی ئیسلامی دەکات، لەژێر ناوی ویلایەی ئیسلامی (الولاية الإسلامية)دا بەکاریهێناوە و ڕوونی دەکاتەوە،

ووشەی ویلایە و وەلی ئەمر بەکار دەهێنێ لەبری ئیمامەت (کوناکاتا، 1994، ص215). ئەوەش وەک تێرم و ووشەیەک کە خۆی بەکاریهێناوە بۆ گوزارشت کردن لە خیلافەت و جیاواز لە مەزهەبی شیعە کە ئیمامەت بەکاردەهێنن، هەروەک چۆن چەمکی تر هەن زیاتر لە چەند ناوێکی بۆ بەکاردەهێنرێ.

زۆرجار چەمکی خیلافەت، تێکەڵ دەکرێ بە چەمکەکانی وەک ئیمامەت و ویلایە و لەبری یەکتر بەکار دەهێنرێ، بۆیە کە باس لە ئیمامەت دەکەن مەبەستیان پێی خیلافەتە، بەپێچەوانەشەوە ڕاستە، هەر لەبەرئەوەش پێویستە خەڵکی گوێڕایەڵی وەلی ئەمر بکەن، چونکە دەسەڵاتی هەیە بۆ پارێزگاری کردن لە دین و بەڕێوەبردنی کاروباری دونیا (حلبية، 2005، ص3).

بۆیە ویلایە لای ئیبن تەیمییە بەمانای ئەوە دێت کە دەبێ خەڵکی خەلیفە و فەرمانڕەوایەکیان هەبێ، جگە لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان، یاسا و ڕێساکانی شەرعیش جێبەجێ بکات، بۆیە نابێ ئوممەت بەبێ ویلایە بمێنێتەوە، هەروەک خۆی دەڵێت 60 ساڵ لە هەبوونی فەرمانڕەوایەکی ستەمکار، باشترە لە شەوێکی بێ فەرممانڕەوا و حکومڕانی (الفهداوي، 2019). و (تيمية، بلا تاريخ، ص78). لێرەدا پاساوی ئیبن تەیمییە بریتییە لە بەدیهێنانی جۆرێک لە سەقامگیری (ئەگەر بە ڕێژەیەکی کەمیش بێت) زیاتر لەوەی کە لە حالەتی نەبوونی سیستم و بوونی ئاژاوەدا بەدی دەکرێت، جگە لە فەراهەمکردنی بەرژەوەندی و سوودی گشتی بۆ زۆرینەی تاکەکان، کە لە حالەتی ئاژاوەدا بوونی نییە، خاڵێکی تر گرنگی پێویستبوونی فەرمانڕەوا دەردەخات، ڕۆڵ و کاریگەری لە زۆربەی لایەنەکانی ژیانی مرۆڤەکان بە گشتی (الرواشدة, 2011).

ئیبن تەیمییە ڕای وایە کە پێش هەموو شتێک، ویلایە بە واتای چاودێری و بەرپرسیارێتی دێت، بە پشت بەستن بە فەرموودەی (كُلُّكُمْ رَاعٍ ومَسْؤُولٌ عن رَعِيَّتِهِ...) (صحيح البخاري، ر 2409)، جگە لەوە، ویلایەت واتە بریکاری (وکالة)، والی بەرپرسیار و نوێنەری خەڵکە، وەک ئەوەی هاوبەش بن لە کارەکانیان، ئیبن تەیمیە زیاتر ئەوە ڕوون دەکاتەوە کاتێک باس لە سنووری دەسەڵاتەکانیان دەکات لە بواری دارایی، والی بۆی نییە بەپێی ویست و ئارەزووی خۆی مولک ومال دابەش بکات وەک چۆن خاوەنی مولک ومالێک دەیکات، بەڵکو نوێنەر و بریکارن لە بری ئەوان نەک خاوەن. لەکۆتایشدا، ویلایە بریتییە لە جۆرێک لە کرێ و بەکرێگرتن (الإجارة)، وەک ئەنجامدانی کارێک وەکو جۆرێک لە بری وەرگرتنی کرێ، بریتییە لە ئەنجامدانی کاروباری خەڵکی لەبری ئەوان (المبارک، 1961، ص32-31). لەگەڵ ئەوانەشدا مەبەستی ولایە لەلای ئیبن تەیمییە بریتییە لە (چاکسازی و پاکسازی لە دین و کاروباری دونیا، هەستان بە دادپەروەری و یەکسانی و جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان بەرانبەر بە خودا و خەڵکی، هەروەها فەرمان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە) (صادق، 1993، ص101). بەمەش پێویستی بە چاودێری ئەخلاقی هەیە ئەویش لە چوارچێوەی چەمک و تێگەیشتنی ئەمانەت چونکە مەرجێکە بۆ ڕەوایەتیدان بە ویلایە (فازيو، 2015، ص260).

بۆیە ئەمە دەوڵەتێکە بنچینە و بنەماکانی لە شەرع (دین) وەرگیراوە، دەوڵەتێکی دینی نییە کە لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا باو بوو، ئەگەر لە گۆشەنیگای دەسەڵات و سەرچاوەی دەوڵەت سەیری بکەین جۆرێکی ترە، یان پەیوەندی نێوان حاکم و محکوم، چونکە هەڵبژاردنی فەرمانڕەوا و لێپرسینەوە و چاودێریکردنی دەگەڕێتەوە بۆ مرۆڤ. دەوڵەتێکە لەسەر بنەمای تێڕوانین و تێگەیشتنی تاک و کۆمەڵ (فردي وجماعي) دامەزراوە، هیچ کامیان زاڵ نییە بەسەر ئەوی تردا، بەڵکو تەواوکەری یەکترن، بەوپێیەی بەجۆرێک سەیری ژیانی مرۆڤ دەکات کە یەکەیەکی تەواو و گشتگیرە (الداهري، 728 هـ ص59).

### ٤-٢-٢- ئەرکەکانی دەوڵەت

#### ٤-٢-٢-١- دارایی و ئابوری:

ئیبن تەیمییە پێی وایە بەشی دووەم لە ئەمانەتەکان – دوای ئەمانەت لە حکومڕانێتی- بریتییە لە ئەمانەت لە مولک و ماڵ ودارایی، ئەمەش ئەرکێکی گرنگی دەوڵەتە کە خۆی دەبینێتەوە لە ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵ لە کاروباری دارایی بە هەموو شێوەکانیەوە، جگە لە پاراستنی ئەمانەت تێیدا و ڕێگری کردن لە خیانەت و دەست بەسەرداگرتنی مولک و ماڵ و نەهێشتنی دزی و قۆرخکاری. هەروەک پێی وایە یەکێک لە ماناکانی ویلایە واتە دەستپاکی و بریکاری و نوێنەرایەتی (أمين ووكيل) (فرج، 2007، ص378-379) و (المبارك، 1961، ص33-34). ئیبن تەیمییەش وەک زۆرێک لە بیرمەند و زانایانی دیکە پێی وایە ئیسلام سیستمێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی و

ئابوورییە، پێی وایە ئەرک و بەرپرسیارێتی دەوڵەتە هەستێ بە دابین کردنی کار و دابەشکردنی و دانانی ئەو کەسانەشی کە شایستەن، جگە لە هێشتنەوەی بوار و مەودای ئازادی تاک لە کاروباری ئابووری و بازاڕدا، بەجۆرێک کە پێویست بە دەست تێوەردانی دەوڵەت نەکات (المبارك، 1961، ص42-38).

**٤-٢-٢-٢- دادپەروەری:**

حکومڕانی کردن بە دادگەری, یەکێکە لە کۆڵەگە و پایەکانی سیاسەتی دادگەر (السياسة العادلة)، پێی وایە فراوانترە لە ئەرکی دادوەری (الوظيفة القضائية)، بە بنچینە و بنەمای فەرمان کردن بە چاکە دایدەنێ، دادگەری لە تێڕوانینی ئیبن تەیمییەدا بریتییە لە ئەدا کرن و بەجێهێنانی مافەکان، ئەمیش واتە جێبەجێکردنی حەددەکان (إقامة الحدود)، کە دابەشی دوو جۆری دەکات، یەکەمیان سنوری خودا، بریتییە لەو سنور و مافانەی کە تایبەت نین بە لایەنێکی دیاریکراو، بەڵکو بۆ هەموو موسڵمانانە، لە یاسای دانراودا پێی دەوترێ مافە گشتییەکان (الحقوق العامة)، جۆری دووەمیان بۆ خەڵک و تاکێکی دیاریکراوە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بە مافە تایبەتییەکان (الحقوق الخاصة) ناسراوە. مەبەست لە دادوەری لای ئیبن تەیمیە واتە گەڕاندنەوەی مافە بۆ خاوەنەکانیان و ناوبژیکردن و یەکلایی کردنەوەی ململانێ و کێشەکانیان، بۆیە حکومڕانێتی هەر دەبێ بە دادگەری بێت، دادگەریش واتە ئەوەی کە خودا دەفەرموێ: (إِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحْكُمُواْ بِٱلْعَدْلِ ) (قورئانی پیرۆز 4:58). (المبارك، 1961، ص35-36) و (فرج، 2007، ص373-375).

**٤-٢-٢-٣- جیهاد و تێکۆشان:**

ئیبن تەیمیە، جیهاد و تێکۆشان بە گرنگترین مەبەستەکانی ویلایە دادەنێت، خودی جیهادیش مەبەست و ئامانجێکی گرنگی هەیە، پێی وایە نابێ جیهاد بۆ خزمەتی یەکلایی کردنەوەی ناکۆکی نێوان مرۆڤەکان و تێرکردنی حەز و ئارەزووەکانیان بەکاربهێنرێت، یاخود لە پێناوی دەسەڵات و موڵک و ماڵ بێ، بەڵکو مانا و مەبەستی درووستی جیهاد و تێکۆشان، کاتێک قبوڵ کراوە کە بە تێگەیشتنی ئیسلامی بێت، ئەمەش بەپێی ئایەتی (وَيَكُونَ الدِّينُ كُلُّهُ لِلهِ) (قورئانی پیرۆز 8:39) و (ولِتَكُونَ كَلِمَةُ اللهِ هِيَ الْعُلْيَا) (قورئانی پیرۆز 9:40). (فرج، 2007، ص390-393) و (المبارك, 1961، ص37-38).

**٤-٢-٢-٤- حیسبە:**

لای ئیبن تەیمییە ئەرکی حیسبە (الحسبة) واتە ئەرکی فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە، ئەوەش دوپاتدەکاتەوە کە دەستێوەردانی دەوڵەت تەنیا دەبێ لە چەند حالەتێکی پێویست و زەروور بێ و بەمەش سنووردارە، ئەویش بۆ پاراستنی هاوسەنگی و لادان و نەهێشتنی ستەم و قۆرخکاری. ئەرکەکانی حیسبەش بریتین لە پارێزگاری کردن لە جێبەجێکردن و دامەزراندنی سروتە دینی و پەرستشەکان، پارێزگاریکردن لە ئەخلاقی کۆمەڵایەتی گشتی، چاودێریکردنی بازار، ئەویش لە ڕێگای نەهێشتنی غەش و چاودێریکردنی پیشە جۆراوجۆرەکان، ڕێگەگرتن لە قۆرخکاری لای بازرگانەکان و ...هتد (فرج, 2007، ص386-387).

جگە لە چەند ئەرکێکی تری وەک ئەرکی دینی، کە خۆی دەبینێتەوە لەوەی شەرع حاکم بێت و خاوەنی سەروەری بێت، نەهێشتنی بیدعە و ڕێگری کردن لە تێکەڵکردنی هەوا و ئارەزوو لەگەڵ دینەکە و بڵاوکردنەوەی زانست و زانستە شەرعییەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە. جگە لە ئەرکەکانی بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە (فرج، 2007، ص370-371 و388).

ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئیبن تەیمییە لەژێر ناوی ویلایە باس لە خیلافەت و ئیمامەت و هەموو پلە و پایەی حکومڕانێتی دەکات چ بچوک بێت یا گەورەترینی دەسەڵاتەکان، وەک بەشێک لە ئەمانەت سەیری دەکات، جگە لە ئەمانەت لە موڵک و ماڵ، حکومڕانێتیش بە ئەمانەت دەبینێ و وەک بەرپرسیارێتییەک بەرانبەر بە خودا، لە ڕێگای دیاریکردنی ئەرکەکانیشی، ئەم چەمکە زیاتر ڕوون دەکاتەوە.

## ٥- دەرئەنجامەکان:

١- دەوڵەت پێگەیەکی گرنگی هەیە لە هزری سیاسی ئیسلامیدا، بە شێوەیەک زۆرینەی بیرمەندانی ئیسلامی باسیان لێوە کردووە، بەهەموو ئاراستە جیاوازەکان و مەزهەب و قوتابخانە هزریە جۆربەجۆرەکان.

٢- دەوڵەت لە هزری سیاسی ئیسلامیدا ئەو کیانەیە کە تێیدا شەریعەتی ئیسلامی جێبەجێدەکرێ، لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و ... هتد.

٣- پەیوەندی نێوان دین و سیاسەت لە ئیسلامدا بە جۆرێک بەیەکەوە پەیوەست و گرێدراوەن، نەک تەنیا لە ڕووی تیۆری و لە چوارچێوەی کتێبەکاندا باس کرابێ، بەڵکو بە شێوەیەکی واقیعی و کرداری بە درێژایی مێژووی حکومڕانی ئەوە سەلمێنراوە، کە خاوەنی دەسەڵاتێکی خاوەن تایبەتمەندی جیاوازبوون لەگەڵ پەیدابوونی ئایینی ئیسلام سەریهەڵدا تا ساڵی 1924 بەردەوامی هەبووە، سەرەڕای هەبوونی کەموکوڕی لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا.

٤- ئیبن تەیمییەش، وەک زۆرینەی بیرمەندانی ئیسلامی تر، لە پاڵ ئەوەی وەکو زانایەکی ئایینی شارەزا بوو لە بوارەکانی تەفسیر و حەدیس و بواری تر، لەگەڵ ئەوەشدا بواری سیاسەت و حکومڕانی پەراوێز نەخستبوو، بەڵکو وەک بەشێک لە دین سەیری دەکرد، ئەمەش لە نووسینەکانیدا ئاماژەی بۆ کردووە و بەدی دەکرێ.

٥- ئیبن تەیمیە پێی وایە مرۆڤەکان بە سروشت پێویستییان بەیەکتر و بە کۆبوونەوە و پێکەوە ژیان هەیە، بەهۆی پێویستی هەندێکیان بە هەندێکی تریانەوە، بە مەبەستی بەدیهێنانی پێداویستی و بەرژەوەندییەکانیان، ئەمەش پێویستی بە هەبوونی فەرمانڕەوایی دەبێت، بۆیە هەبوونی دەسەڵات و ویلایە و ئیمامەت بە واجب دەزانێت، کە بەهۆیەوە دین جێبەجێ دەکرێت و کاروبارە دونیاییەکانیش بەڕێوە دەبرێن، نەک هەر ئەوە، بەڵکو بە گەورەترین واجباتی دین لەقەڵەمی دەدات.

٦- ئەوەی جیاوازە سەبارەت بە ئیبن تەیمیە، ئەگەر بەراورد بکرێ بە بیرمەندانی تر، باس لە خیلافەت، ئیمامەت، حکومڕانی و دەسەڵات دەکات لە چوارچێوەی چەمکی ویلایە، کە هەموو ئەمانە دەگرێتەوە لە گەورەترین پلەی وەزیفی تا دەگاتە بچوکترین پلە و پایە. بەمەش دەوڵەت وەک پەیکەربەندیی (Hierarchy) دەبینێ، پەیکەربەندی لە دەسەڵاتدا، هەموو پایەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت دەگرێتەوە، لە بچووکترین تا گەورەترین پلە و پۆست، لەدەرئەنجامیش بەمانای پسپۆڕی و دابەشکاری لە دەسەڵات و بەشەکانی دیکەی دێت.

### پەراوێز:

* ئیبن تەیمیە (661-728 هـ) ناوی تەواوی تقی الدین أبو العباس بن شعاب الدین أبي المحاسن عبد الحليم بن أبي البركات عبد السلام بن عبدالله بن أبي القاسم محمد بن الخضر بن علي بن عبدالله بن تيميه، لە ساڵی 1262 یا 1263 لە حەران (لە باشوری تورکیا، یا لە نزیک دیمەشق) لەدایک بووە، دوای هاتنی تەتار بۆ ناوچەکەیان، کۆچیان کردووە بۆ دیمەشق، لە خانەوادە و ماڵێکی پڕ لە زانست و قوتابی گەورە بووە و زانستی شەرعی وەرگرتووە، لە ساڵی 1327 یا 1328 لە دیمەشق کۆچی دوایی کردووە. (رسلان، 2002، ص6)، (عبدالحميد، بلا تاريخ، ص17) و (فرج، 2007، ص34).

## ٦- سەرچاوەکان:


- قورئانی پیرۆز ، سورەتی النساء، 4:58. سورەتی الأنفال، 8:39 و سورەتی التوبة، 9:40.
- صحيح أبي داود، الرقم : 2608.
- صحيح البخاري، الرقم: 2409.

سەرچاوە عەرەبییەکان:

کتێب:

- أحمد, ف , ع.. (1417 ه) شيخ لاإسلام ابن تيمية والولاية السياسية الكبرى في الإسلام. 1 ed. الرياض: دار الوطن.
- أمين, أ. (2013) فجر الإسلام .بيروت: شركة أبناء شريف الأنصاري.
- تيمية, أ .ب .ع .ا.(n.d ) الحسبة في الإسلام أو وظيفة الحكومة الإسلامية .بيروت: دار الكتب العلمية.
- تيمية, ا. (2009) شرح السياسة الشرعية في اصلاح الراعي والرعية. 1 ed. قاهرة: دار الغد الجديد للطباعة والنشر والتوزيع.
- تيمية, ا .(n.d. ) الحسبة في الاسلام. 1 ed. بيروت: دار الكتب العلمية.
- رسلان, ا .ع .ب .م .ب .س .ب. (2002) حول الحياة شيخ الإسلام ابن تيمية:.s.l. 2 ed. مكتبة المنار.

– الرماني, ز .ب .م. (2004) منهج ابن تيمية في الأصلاح الإداري .1 ed .الرياض: دار الصميعي للنشر والتوزيع.
– زكريا, ب. (2013) الدولة والشريعة في الفكر العربي الاسلامي المعاصر .بيروت: مركز الحضارة لتنمية الفكر الاسلامي.
– صادق, ج .ت. (1993) الفكر السياسي العربي الإسلامي .بغداد: دار الكتب للطباعة والنشر.
– عبدالحميد, ص. (.n.d ) ابن تيمية حياته وعقائده .1 ed .بيروت: الغدير للدراسات والنشر.
– فازيو, ن. (2015) دولة الفقهاء بحث في الفكر السياسي الإسلامي .1 ed .بيروت: منتدى المعارف.
– فرج, ب .ع .إ. (2007) الفكر السياسي عند ابن تيمية .1 ed .اردن: دار الفاروق للنشر والتوزيع.
– الفريان, ح .م. (2000) آراء ابن تيمية في الحكم والإدارة .الرياض: دار الألباب لنشر والتوزيع.
– كوناكاتا, ح. (1994) النظرية السياسية عند ابن تيمية .1 ed .الدمام: دار الاخلاء للنشر والتوزيع.
– المبارك, م. (1961) الدولة عند ابن تيمية .دمشق: دار الفكر.
– مجاهد, ح .ت. (1994) الفكر السياسي من أفلاطون الى محمد عبده .دمشق: الحصاد.
– الملاح, هـ . ي. (2009) طبيعة الدولة الإسلامية. 1 ed بيروت: دار الكتب العلمية.
– النبهان, م .ف. (1987) نظام الحكم في الاسلام .الكويت: مطبعة الجامعة الكويت.

## نامەی ماستەر و دکتۆرا:

– حلبية, ا .ي .أ. (2005) الولاية الشرعية في السنة النبوية. أطروحة (M.A). جامعة الإسلامية – غزة.
– الداهري, ر .ص .ع. (728 هـ) الدولة عند الإمام ابن تيمية. أطروحة (M.A). جامعة النجاح الوطنية، نابلس، فلسطين.
– سميحة, ع. (2017) الفكر السياسي عند إبن تيمية. أطروحة (M.A). جامعة محمد بوضياف.
– صبح, م .ع .م. (2011) إدارة الدولة في الإسلام .نابلس. أطروحة (M.A). جامعة النجاح الوطنية.
– عيسى, ط. (2013) مفهوم الدولة في الفكر السياسي الإسلامي المعاصر – أبو الأعلى المودودي نموذجا. أطروحة (M.A). جامعة الوهران.

## توێژینەوە:

– الأسدي, ح .ع .م. (بلا تاريخ) الدولة وتداول السلطة في الفكر السياسي الغربي والإسلامي، *المجلة السياسية والدولية، ص. 285-306.*
– حسين، ب. (2011) مفهوم الدولة واركانها في الفكر الإسلامي المعاصر، *مجلة العلوم السياسية*، 43 (27) ، ص. 149-170.
– هادي, ر .ع. (2000) مفهوم الدولة ونشوءها عند ابن خلدون، *مجلة العلوم السياسية، 37 (12)، ص. 78-104.*

## سایتی ئەلیکترۆنی:

– الرواشدة, أ. م. (2011). الفكر السياسي عند إبن تيمية. يمكن الحصول عليه:
- https://www.wasatyea.net/ar/content/%D9%88%D8%B1%D9%82%D8%A9-%D8%B9%D9%85%D9%84
- -%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D8%B0-
%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%83%D8%AA%D9%88%D8%B1-%D9%85%D8%AD%D9%85%D8%AF-
%D8%A7%D9%84%D8%B1%D9%88%D8%A7%D8%B4%D8%AF%D8%A9-
%D8%A7%D9%84%D9%81%D9%83%D8%B1-
%D8%A7%D9%84%D8%B3%D9%8A%D8%A7%D8%B3%D9%8A-%D8%B9%D9%86%D8%AF-
%D8%A7%D8%A8%D9%86-%D8%AA%D9%8A%D9%85%D9%8A%D8%A9-
%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%B1%D8%AF%D9%86
– (يوم الزيارة: 2025 02 04 ).
– الفهداوي, خ .س. (2019) دور ابن تيمية في اصلاح الفكر السياسي. يمكن الحصول عليه:
– https://www.wasatyea.net/ar/content/%D9%88%D8%B1%D9%82%D8%A9-%D8%B9%D9%85%D9%84-
%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%83%D8%AA%D9%88%D8%B1-%D8%AE%D8%A7%D9%84%D8%AF-
%D8%A7%D9%84%D9%81%D9%87%D8%AF%D8%A7%D9%88%D9%8A-%D8%AF%D9%88%D8%B1-
%D8%A7%D8%A8%D9%86-%D8%AA%D9%8A%D9%85%D
(يوم الزيارة: 2021 08 23 ).

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

- Khan, Q., 2009. *the political thought of Ibn Taymiyah.* 1 ed. New Delhi: Adam publisher and distributers.
- Heywood, A., 2011. *Key concepts in politics.* 3 ed. New York: Palgrave Macmillan.

**مفهوم الدولة في فكر إبن تيمية السياسي**

**هاوكار سمايل عالي**
قسم النظم السياسية والسياسة العامة، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين–أربيل،
اقليم كوردستان، العراق
hawkar.alee@su.edu.krd

**الملخص**
ظلت الدولة ولم تزل من أهم المواضيع في العلوم السياسية، وموضع الاهتمام لدى العلماء والمفكرين في هذا الحقل العلمي، وغالباً ما يأتي تحليل ودراسة الدولة بمعنى علم السياسة نفسه، علاوة ذالك تعرف أهم المؤسسات السياسية في المجتمع بخصائص محددة مقارنة بنظيراتها في المجتمع. تأتي هذه الأهمية نفسها من المنظور الاسلامي، وتصب في مسائل مثل التنظيم وضرورة وجود سلطة سياسية في المجتمع، لذالك أصبحت موضع اهتمام علماء المسلمين في الاجمال، وتعتبر الدولة وضرورة وجودها من أساسيات الدين الاسلامي بمختلف مدارسها ومذاهبها، لدرجة يمكننا عدّها من الدين وتطبيق قواعد الشريعة والتزاماته.

يهتم ابن تيمية الحراني مثل غالبية المفكرين الآخرين بهذا المجال، وانعكس ذالك في مؤلفاته، وكتاباته، بحيث نظر اليها كجزء لا يتجزأ من الدين، وتتميز وجود سلطة سياسية من المنظور الاسلامي أن طبيعتها وكينونتها مستمدة من مصادر الشريعة (القرءان الكريم والسنة النبوية)، وهذا بحد ذاته تعني أن السياسية جزء من تأريخ الاسلام ومسيرة حكمه حتى سنة 1924، فالاسلام والحكم نُظر اليهما مثل توءمين لايتجزءان، وفي الوقت نفسها انعكست في توجيه الحياة الدنيوية والدينية، وأثبتت تجاربها، تحدّث ابن تيمية عن ضرورة وجود دولة من منطلق العقل والشرع، بحيث تبدأ تلك السلطة في أدنى تجمعات بشرية إلى ان تصل للذروة بدءاً من انشاء المؤسسات وتنظيم الدولة لتضم مختلف أنواع السلطة وجزءياتها.

**الكلمات المفتاحية:** إبن تيمية, الدولة، الدين والسياسة، الفكر السياسي الإسلامي.

**The Concept of the State in Ibn Taymiyyah's Political Thought**

**Hawkar Smail Alee**
Department of Political System and Public Policy, College of
Political Science, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
hawkar.alee@su.edu.krd

**Abstract**
Until the present time, the state has been one of the most important topics in political science and has been a central focus for thinkers and scholars in this field. Often, politics is understood as the study and analysis of the state. The state is considered as the most important political institution in society, it has several unique characteristics compared to other institutions in society. In an Islamic perspective, this significance is similar, as the formation and existence of political authority in society are essential requirement. Therefore, scholars and thinkers of Islamic thought, across various schools and sects, affirm that the existence of the state and political authority is one of the fundamental duties of Islam, and that it is even considered a part of and related to the core of the religion and its implementation

Ibn Taymiyyah, like many other scholars, emphasized the importance of this field and treated it as an integral part of religion in his writings. He argued that its system and foundations are based on religious texts (the Qur'an and the Sunnah). This indicates that politics is an inherent part of religion, and throughout Islamic history, up until 1924, it was seen as intertwined with both political and spiritual life. Ibn Taymiyyah argued that the establishment of the state was necessary from both rational and religious perspectives, asserting that it is a fundamental requirement for even the smallest human gatherings, extending to the highest levels in the formation and establishment of the state hierarchy.

**Key words:** Ibn Taymiyyah, State, Religion and Politics, Islamic Political thought.